## روونكردنەوەیەک لە مەڵبەندی سێی یەكگرتوی ئیسلامی كوردستانەوە

سەبارەت بەو قسەو نوسینە هەلانەی لە هەندێك دەزگای راگەیاندندا بلاو كراونەتەوە كەوا (ئەندامێكی یەكگرتوو پرسیارەكانی تاقیكردنەوەكانی لە مەڵبەندی سێ فرۆشتیە) ئەم روونكردنەوەیە لەم چەند خاڵەدا دەخەینە روو:

1- لە بنەمای كاری رۆژنامەوانیدا پێویستە بۆ ئەوەی بە دروستی شتەكان بلاو بكرێنەوە. دەبوا لەگەڵ بلاوكردنەوەی هەواڵەكە بۆچوونی ئێمەشی لەگەڵدابووایە.
2- ئێمە لەو باوەڕەداین كە چەند دەستێكی شاراوە لەدوای بە سیناریۆ كردنی ئەم هەواڵە هەبووەو بابەتەكە بۆ كاری سیاسی دروست كراوە.
3- ئەو كەسەی بەو هەواڵە تاوانبار كراوە تاكو ئێستا دانی بەوە نەناوە كە ئەم كارەی كردبێ و سوورە لەسەر ئەوەی كە بێ تاوانەو غەدری لێكراوە.
4- ئەم رووداوە لە تاقیكردنەوەكانی ساڵی رابردووەوە باسی لێوە كراوە لەبەرچی و دوای ساڵێك باسەكە گەرم كرایەوە؟!
5- باسی كارمەندێكی دەزگایەكی یەكگرتوو كراوەكە ئەم كارەی ئەنجام دابێت. بەلام یەكگرتوو هەموو ئەندامەكانی خۆی لەسەر رەوشت بەرزی و دەست پاكی پەروەردە دەكات و بارەگاكانی یەكگرتوو شوێنی رەوشت پاكیە و هەركاتێك ئەم هەواڵە لەسەر هەر ئەندامێكمان ساغ بۆوە ئەوە ئیجرائاتی لەگەڵ دەكەین و كاری خراپ لەكەس قبوڵ ناكەین.
6- داوا لە دەزگاكانی راگەیاندن دەكەین كەوا لە قالبی حیزبایەتی تەسكدا دەربچن و بەیەك چاو سەیری هەموو گەندەڵیەكان بكەن.
7- ئێمە شانازی بە ئەندامانی خۆمان دەكەین كەوا جگە لە ئەگەری سیاسی هیچ ئەندامێكمان زیندانی نەكراوە و لە هەموو دامودەزگاكانی حكومەتدا نموونەی رەوشت پاكینە.
8- ئەگەر ئەندامێكی یەكگرتوو بكەوێتە هەڵەیەك وەكو ئەندامی هەر حیزبێكی تر پێویست بوو باسەكە بە سووكی بكرایە. چونكە ئەم حیزبە بە هەزاران ئەندامی هەیە.. سروشتیە كە یەكێك هەڵەیەك بكات ئەگەر ئەو كەسە لە ئاستی سەركردایەتی ئەو حیزبەش بێت. نابێ ئەوە ببێتە هەڵوێستێكی رەسمی حیزبی.

مەڵبەندی سێی
یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان